***کاربەدەستانی داگیرکاری کۆماری ئیسلامی لە کوردستان ئائین و رۆحانیەت وەک گۆرزێکە دژی جوڵانەوەی گەلی کورد بکار دەگرەن!***

کۆماری ئیسلامی لە رێگەی ئائین و رۆحانیەتەوەمزگەوتەکانی کوردستانی کردوەتە ناوەندێک بۆ یەخسیرکردنی لاوانی کوردستان بەمەبەستی بەلارێبردنیان بۆ بەربەرەکانە دژیجولانەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

ئیسماعیل نجار" پارێزگاری" پارێزگەی کوردستان، لە کۆبوونەوی ئەندامانی شوراکانی رۆحانیەت و بەرپرسانی بەشی ناوەندەکانی گەورەی ئیسلامیرۆژئاوای ئێران لەسنەرۆژی سێشەم ٨٧/٦/٦ دا لە سەر سیاسەتەکانی دەوڵەتی نۆهەم دەڵێت:

*" دەوڵەتی نۆهەم بە ئاگاداربوون لە گرینگیی جێگە و پێگەی رۆحانیەت لە پێشکەوتندا ئەهمیەت و گرینگیەکی تایبەت بە جێ بەجێکردنی کێشەکانی ئەم تووێژە (رۆحانیەت) دەدات، پەرەستاندنی کەژوهەوای ئائینی لە کۆمەڵگا لە پلەی یەکەمدا|یە بۆ دەولەتی نۆهەم، مامۆستایانی ئائینی وەکوو کەسانی سەرەکیی ئەم گرینگیە هەموو کاتێک جێگەی سەرەنجی دەولەتی نۆهـەمن".*

*هەر وەها دەڵێت: "بەرنامەی سەرەکی دەوڵەت لە حەوزەی ئائیندا، زینودوکردنەوەی جێگەی رۆحانیەتە لە رێگای دەوڵەمەندکردنی کەژوهەوای ئائینیەوە، تووێژی رۆحانیەت لەم رێگادا ئەرکێکی گرنگیان بە ئەستۆیە"،*

*بەم جورە ئیسماعیل نجار خوازیارە کە "رۆحانیەت لە کوردستان بە حوزوری زیاتر لە نێو لاوان و گەنجاندایە، کە دەتوانن کاریگەریی لە سەر زانست و تێگەیشتنی ئەوانیان هەبێت و دەتوانن وەڵامدەرەوەی پێداویستیەکانی لاوانی کوردستان بن"*

*ئاغای نجار پێیوایە کە: "مەزگەوتەکان و ناوەندەئائینیەکان گرینگترین و سەرەکیترین شوێنی ئەم وەلامەیە بە لاوان، بەڵام بە هۆی ئەوەوە کە بە شێوەی سۆنەتی بەرێوە دەچێت، ناتوانێت وەڵامدەرەوەی پێداویستیەکانی ئەمرۆی لاوان بێت، هەر بەم دەلیلە دەبێت کار و هەڵسوارانی رۆحانیەت لەگەڵ پێداویستیەکانی لاواندا هاوئاهەنگ بکرێت".*

ئیسماعیل نجار بەمەبەستی درێژەدان بەدەسەڵاتی داگیرکاریی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی لەکوردستان، بە مەبەستی هێشتنەوەی گەلێکی چەوساوە و داگیرکراو لەکۆیلەتی و بندەستیدا، بەکەڵکوەرگرتن لە وشەکانی ئائین و رۆحانیەت دەیەوێت لەرێگەی ئامۆژگاری مامۆستایانی ئائینی کوردەوە لە مزگەوت و ناوەندە ئیسلامیەکانادا لاوانی کوردستان لەدونیای کوێر و بەرتەسکی ئایدیولۆژی کۆماری ئیسلامییدا بهێڵێتەوە.

کۆماری ئیسلامی ئێران بە درێژایی تەمەنی دەسەڵاتی بۆ مانەوەی خۆی لەپێناو پەرەدانی شیعەگریی کە بەرامبەر بەکورد هەم داگیرکەرانە و هەم تاکتیکیەکۆتایی نەکردووە، بەم مەبەستەیش هەوڵێکی بەرینی شیعەگری بەنێو وڵاتانی عەرەبیدا تا دڵی لوبنان کردوەتەوە، بە درێژایی تەمەنی ئەم حکومەتەساڵانەبەمەلیاردەها دولار لەداهاتی ئێران سەرفی گرووپە شیعەکانی لە وڵاتانی عەرەبی و ئاسیای رۆژهەڵات و رۆژئاوا دەکرێت، لەکاتێکدا زۆربەی هەرە زۆری گەلانی بندەستی لە چوارچێوەی بەندیخانەیەکی گەورەبەنێوی ئـێران لە ژێر هێڵی فەقر و هەژاریدا دەژین!

ئەگینا بەڕاستیی ئێران یەکێک لەوڵاتە دەوڵەمەندەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، کانگای نەوت و غاز و زۆر شتی تر، کە لە ڕووی ئابووریەوە دەتوانێت وڵاتێکی 70 ملیۆنی بکات بەکانگای ئاوەدانی و ژیانێکی شیاوی ئینسان، هەر بە پێی ئاماری فەرمیی بانکی ناوەندی ئێران داهاتی ئەرزی ئەم وڵاتە لەسێ ساڵی رابوردوودا٢٣٧ ملیارد دۆلار بووە کە ١٩٧ ملیارد دۆلاری هەر بە تەنها داهاتی نەوت بووە.

ئەوەی ڕاستیی بێت دەسەڵاتێکی کۆنەپەرست و دواکەوتوو وەکوو کۆماری ئیسلامی ئەوەی لێناوەشێتەوە کە ژیانێکی شیاوی ئینسانی ئەمڕۆیی بۆ خەڵک مسۆگەر بکات، هەر وەکوو تا ئێستا سەلماندویەتی جگە لە دواکەوتوویی و هەژاریی هەرچی زیاتر بۆ بەشی هەرەزۆری کۆمەڵگا، سەرکووت و کوشتار، داسەپاندنی دەسەڵاتی زاڵمانەی خۆی لەرێگای ئەرتەش و پاسداری ئەجیرکراوەوە و دەست و پێوەندەکانی دەسەڵات نەبێت دیاردەیەکی پۆزەتیفی بۆ خەڵک سەقامگیر نەکردووە، تەنها گورزی دەستی ئەم رژێمە ئائین و رۆحانیەتەلەرێگەی کەڵکوەرگرتن لەهەستی ئائینی خەڵکی فەقیر و هەژار.

هەر بۆیەسەرەڕای ئەوەی کە وەکوو دەسەڵاتی شیعە لەئێران، دژی ئائینی سونین، بەڵام ئاغای ئیسماعیل نجار لە"پارێزگاری سنە" (ئۆستاندار سنە) ئامۆژگاری مامۆستایانی ئائینی کوردستان دەکات کە چۆن لاوانی کوردستان بەشێوەی ئەمڕۆیی بەرەو مزگەوتەکان و ناوەندە ئیسلامیەکان ببەن و لەم ڕێگەوە *کارگەریان لە سەر زانست و تێگەیشتنی لاوان ببێت تا بتوانن وەڵامدەرەوەی پێداویستیەکانی لاوان بن.*

مەبەستی ئیسماعیل نجار مۆری کۆماری ئیسلامی لەکوردستانی داگیرکراو ئەوەیەکەلە رێگەی مامۆستایان کوردستانەوە رۆڵەکانی کورد بەرەو گرووپە توندڕەوەکانی ئەنسار السلام والقاعیدە ببات. تا لە دوا ڕۆژدا لە ئاوی لێڵ ماسی بگرێت.

مامۆستایانی ئائینی لەکوردستان لە خۆیان پرسیووەکەبۆچی ئەوئەرکەلەلایان ئیسمائیل نجارەکانەوە دەخرێتە سەرشانی ئەوان؟ بۆچی کۆماری ئیسلامیی پارە سەرفی گرووپەشیعەکان لەسووریە، لوبنان، ئەفریقا و ... دەکات لە کاتێکدا خەڵکی ئەو وڵاتانیەش خۆ هەر موسڵمانن؟

وەڵامەکەی ئاشکرایە. کۆماری ئیسلامیی لە ماوەی سی ساڵ دەسەڵاتی ڕەشی خۆی وەکوو داگیرکارەکی گەلی کوردستان لەرێگای ئەرتەش و پاسدار و بەکرێگیراوانی خۆفروشەوە، خەباتی رزگاریخوازی گەلی کوردی پێ سەرکووت نەکراوە، بریارەکەی ٢٨ی گەلاوێژ ١٣٥٨ نەیتوانی ئاواتەکانی ئەوان بەدی بهێنێت، هەر لەو کاتەوە تا ئەمرۆ بەکوشتن و بەندکردنی ئەم گەلەبە ئاواتەکانیان نەگیشتن، ئەمرۆیتر لەهەموو کات و ساتێک دەنگی ئازادیخوازیی و رزگاریخوازیی ئەم گەلەلەئاستی نێونەتەوەیی بەرزە، هەر بۆیە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی بەهێنانی پیلانێکیتر دەیانەوێت چۆک بەجوڵانەوەی رزگاری نەتەوەیی خەڵکی کوردستان دا بدەن.

ئەم جارەیان لەرێگای ئامۆژگاریکردنی مامۆستایانی ئائینیەوەبە کەڵکوەرگرتنی لەهەستی ئائینی خەڵک کوردستان و بەمەیداندان بە گرووپەکانی ئەنسارالئیسلام و القاعیدە سەر بەوڵاتانی عەرەبی، شەری کورد بەکورد بکەن، شۆرشی کورد بەکورد بەرەو هەڵاواردن بەرن. بەکارهێنانی هەر ئەو سیاسەتەی کەکاتی خۆی ئیسرائیل دژی جوڵانەوەی رزگاریخوازی خەڵکی فەلەستین کردی و لەدەژی جوڵانەوەی الفتح، یارمەتی گرووپەکانی ئەمەل و حیزبوڵایان دا بە مەبەستی لاوازکردنی بەرەی چەپ و ئازادیخوازی جوڵانەوەی فەلەستین.

مامۆستایانی ئائینی چاک دەزانن کەمزگەوتەکان شوێنی رزگاری لاوان لە دەست مادەبێهۆشکەرەکان، فەقیریی، هەژاریی و بێکاریی نین. شوێنی بارهێنانی زانستی ئەمرۆیی و رزگاری نەتەوەیی گەلێکی بندەست نین، بەڵکو شوێنێکەبۆ بەجێهێنانی نوێژ و تەعاتی ئەو ئینسانانەی کە ئیمانیان بەوجودی هەستێک هەیە کە بە بێ موزاحەمەت و جەخت لەسەر کەسێک و بەپێچەوانە بەبێ جەخت و موزاحەمەتێک لەسەریان بەدەڵخوازی خۆیان تێدا کۆ دەبنەوە.

لاوانی کوردستان پێویستیان بەتائمینی خوێندنە، لاوانی کوردستان پێویستیان بە ئەمنیەتی گیانیە، لاوانی کوردستان پێویستیان بەکار و بیمەی هەمەگانیە، لاوانی کوردستان پێویستیان بەژیانێکی شیاوی ئینسانی ئەمرۆییە، لاوانی کوردستان پێویستیان بە زیندان و لێدان و ئەشکنجە نییە، لاوانی کوردستان پێویستیان بەداگیرکار نییە، بەڵکو نەفرەتی لێ دەکەن و هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بوون خۆیان رزگار بکەن.

هێرش عەلیزادە

٢٠٠٨/٨/٢٩

بەشی پێوەندیەکانی پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان (رۆژهەڵات)

........................................................................................................................

* پارێزگای کوردستان بەشێك لە رۆژهەڵاتی کوردستان (سنە، سەقز، مەریوان ،دیواندەر ، کامیاران، قوروە، بیجار و سەوڵاوا و ...) دەگرێتەوە کە لە دابەشکردنی ئوستانیدا ناوی نراوە"ئوستانی کوردستان". ئاشکرایە ئەم کارە بە ئامانجی سیاسییەوە ئەنجامدراوەو بەشی هەرە زۆری رۆژهەڵاتی کوردستان لە چەند ئوستانی دیکەدا دابەشکراوە.

.